| ژمارەی لاپەڕە | ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەشی ڕێزمان | ژ |
|---|---|---|
| ٧ | (کار بەپێ ی ناوەڕۆك چوار شێوازی هەیە)<br>١- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن | ١ |
| ١٣ | ٢- شێوازی ڕێژەی دانانی | ٢ |
| ١٨ | ڕێژەی کار | ٣ |
| ٢٦ | ٣- شێوازی ڕێژەی داخوازی | ٤ |
| ٣٠ | ٤- شێوازی مەرجی(ڕستەی ناوێتەی مەرج) | ٥ |
| ٣٦ | کاری چاووگی (بوون) | ٦ |
| ٤٣ | ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا | ٧ |
| ٤٧ | ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان<br>یەکەم: وەکو بکەر | ٨ |
| ٥٣ | دووەم : وەکو بەرکار | ٩ |
| ٥٩ | سێیەم: وەکو تەواوکەری بەیاریدە | ١٠ |
| ٦٦ | هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەکانیەوە(ڕۆنان)ەوە | ١١ |
| ٧٤ | جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنیانەوە(ڕۆنان)ەوە | ١٢ |
| ٧٩ | ڕادە | ١٣ |
| ٨٤ | دیارخەرەکانی ناو : یەکەم: ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو | ١٤ |
| ٩٠ | دووەم: ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو | ١٥ |
| ٩٧ | سێیەم: ئەرکی جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو | ١٦ |
| ١٠١ | چوارەم : ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو | ١٧ |
| ١٠٦ | سەرچاوەکان | ١٨ |

| ژ | ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەشی ئەدەب | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێرەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٩١)ز | ١٠٩ |
| ٢ | قۆناغی یەکەم ساڵی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٠٩ |
| ٣ | قۆناغی دووەم ساڵی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٢٠ |
| ٤ | قۆناغی سێیەم ساڵی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٢٥ |
| ٥ | تایبەتمەندی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا | ١٢٦ |
| ٦ | ڕوخسارو تەکنیکی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی(١٩٧٠- ١٩٧٥)ز | ١٢٩ |
| ٧ | شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) ز | ١٣٢ |
| ٨ | ڕەخنەی ئەدەبی | ١٤١ |
| ٩ | مێژووی ڕەخنەی جیهانی | ١٤٢ |
| ١٠ | ڕەخنەی ڕۆژئاوایی | ١٤٢ |
| ١١ | ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتی (عەرەبی ئیسلامی) | ١٤٥ |
| ١٢ | ڕەخنەی ئەدەبی کوردی | ١٤٧ |
| ١٣ | ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان | ١٥٢ |
| ١٤ | پەخشان | ١٥٩ |
| ١٥ | وتار | ١٥٩ |
| ١٦ | قۆناغی یەکەم ساڵانی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٦٠ |
| ١٧ | قۆناغی دووەم ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٦٢ |
| ١٨ | قۆناغی سێیەم ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٦٤ |
| ١٩ | چیرۆکی کوردی لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە | ١٦٨ |
| ٢٠ | چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٦٩ |
| ٢١ | چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٧٤ |
| ٢٢ | چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٧٦ |
| ٢٣ | ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا | ١٨١ |
| ٢٤ | بابا تاهیری هەمەدان(٩٣٧-١٠١٠)ز | ١٨٨ |
| ٢٥ | مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢)ز | ١٩٠ |
| ٢٦ | پرتەوی هەکاری (١٧٥٦-١٨٥٢)ز | ١٩٣ |
| ٢٧ | حەمدی (١٨٧٨-١٩٣٦)ز | ١٩٥ |

- له دێره شیعره‌که‌دا ره‌گه‌ز دۆزی ناته‌واو له‌نێوان ووشـه‌کانی (ره‌حمه‌تـه) و (زه‌حمه‌ته) دا هه‌یه چونکه ده‌نگی یه‌که‌میان جیایه.
- بۆی هه‌یه وشه‌کان له ڕیزبوونی ده‌نگه‌کان جیابن. نموونه:

**یه‌ك زێده شیرین زیاده مه‌حبـــوب**

**یه‌ك ڕووحی قولووب حووری مه‌قلوب**

(خانی)

له نیوه‌ی دووه‌مدا، ڕه‌گه‌زدۆزی له وشه‌کانی (ڕووح) و (حوور) دایه. ئه‌م دوو وشـه‌یه لـه ژمـاره جـۆری ده‌نگـه‌کان وه‌کـوو یـه‌کن، بـه‌ڵام ڕیـزی ده‌نگـه‌کان گۆڕاوه.

| | ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|
| یه‌که‌م | ر | وو | ح |
| دووه‌م | ح | وو | ر |

## سەرچاوەکان


| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | محمد عارفێ جزیری | سگڤان عبدالحکیم | ١٩٨٤- بغداد |
| ٢- | گۆڤاری سلێمانی ژ (٩)ی ساڵی ١٩٦٩ | د. شوکریە رەسول | ١٩٨٩ - هەولێر |
| ٣- | المدخل لدراسه الادب الکردی المدون باللهجه الشمالیه - جزء الاول | تحسین ابراهیم الدوسکی | ١٩٩٣ |
| ٥- | ڕۆلی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا | نامەی ماجستێر - هیمداد حسین بکر | ١٩٩٥ |
| ٦- | هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نیهێنی کوردیدا (١٩٦١ - ١٩٩١) | نامەی ماجستێر - نەوازد علی ئەحمەد | ٢٠٠٠ سلێمانی |
| ٧- | مێژووی پەخشانی کوردی تا ساڵی (١٩٨٠) | عەلادین سجادی | ٢٠٠٠ هەولێر |
| ٨- | ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی سەردەمی کۆماری کوردستانی (١٩٤٣ - ١٩٤٧) | نامەی دکتۆرا - هیمداد حسین بکر | ٢٠٠١ |
| ٩- | (گۆڤاری دەنگی گێتی تازە) سەرهەڵدان و دەوری لە پێش خستنی زمان و هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێراندا | پ. د. شوکریە رەسول | ٢٠٠٣ سلێمانی |
| ١٠- | ڕۆژنامەی (برایی - برایەتی ١٩٦٧ - ١٩٧٤)و ڕۆلی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا | نامەی ماجستێر - ئاریان ابراهیم احمد | ٢٠٠٤ سلێمانی |
| ١١- | چیرۆکی هونەریی کوردی | حسین عارف | ١٩٧٧ بەغدا |
| ١٢- | لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی | عومەر مەرعوف | ١٩٧٨ بەغدا |

| | کوردی | بەرزنجی | |
|---|---|---|---|
| ١٣- | چیرۆکی نوێی کوردی | حەسەن جاف | ١٩٨٥ ـ بەغدا |
| ١٤- | بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوریدا | ئەحلام مەنسور | ١٩٩٩ـ سلێمانی |
| ١٥- | گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع | عەتا قەرەداغی | سلێمانی ـ ٢٠٠٤ |
| ١٦- | ڕۆلی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا | محەمەد دلێر ئەمین محەمەدد | سلێمانی ـ ٢٠٠٤ |
| ١٧- | الروایه الکوردیه | عبدالرحمن پاشا | اربیل ـ ٢٠٠١ |
| ١٨- | خۆشخوانی | عەلائەدین سوجادی | بەغدا ـ ١٩٧٨ |
| ١٩- | ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا | عەزیز گەردی | ب١ بەغدا ـ ١٩٧٥ |
| ٢٠- | ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا | عەزیز گەردی | ب٢ هەولێر ـ ١٩٧٥ |
| ٢١- | ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا | عەزیز گەردی | ب٣ سلێمانی ـ ١٩٧٩ |
| ٢٢- | ڕەوانبێژی | عەزیز گەردی | هەولێر ـ ١٩٩٢ |
| ٢٣- | دیوانی مەولەوی | | |
| ٢٤- | مێژووی ئەدەبی کوردی | د. مارف خەزنەدار | |

## شێخ سەعیدی پیران

## ١٨٦٨ — ١٩٢٥

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحموودی ((کلّدار))ە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە، لە گوندی ((پیران)) کە کەوتۆتە ژووروی ((دیاربەکر))ەوە هاتۆتە دنیاوە، کلّدار لە قەبی بنەماڵەی بابی بووە، پیاوێکی زاناو نیشتمانپەروەربووە لەگەڵ لاوە خزمەتی خۆی کردووە یەکێك لەبەر ئەوە کە خەلیفەی ((مەولانا خالد)) بووە تەریقەتی ((نەقشبەندی)) لە ناوچەی کوردستانی تورکیادا بلاوکردۆتەوە، لەم ڕووەوە خۆیشی بووە بە شێخێکی پایەبەرزو تا دوانزە هەزار مریدو پەیڕەوی کەری هەبوو، لەوانە بووە بە تەواوی بەسەر ئەو ولاتانەدا زاڵ بووە.

یەکێ باری عیلمیو زانایی وەکو چۆن شێخێکی بەرزبووە زاناو عالمێکی بەرزتر بووە، گەلێ ئیجازەی تەدریسی داوە بە فەقیەکانی لەمانە دوانزە عالمی هەرە گەورە لەو لاتەدا دەستنێژو ((مجاز))ی ئەم بوون.

یەکێ لەباری نیشتمانیدا لە باوەڕی شێخ سەعیددا حکومەتی ئەو سەردەمەی عوسمانی لە ڕێگای شەریعەتی ئیسلامەوە نەچووە بەڕێوە، ئەمیش بۆهاتنەوە سەرڕێ ئەو حکومەتەو بۆ کەمکردنەوەی ئەو سەرانەو پیتاکانە کە حکومەت خستبوونیە سەر دانیشتوانی ولات هەستا، نیشتمانپەروەرانی تری کورد دایانە پاڵی، شۆرشی ١٩٢٥– ١٩٢٠ی کوردی لە ولاتی تورکیادا پەیدابوو، لە ئەنجاما بەهۆی هەندێ کەمو کووڕیەوە کە پەیدابوو سەرنەکەوتن، شێخ سەعید گیراو لەلایەن تورکەکانەوە خنکێنرا.

ئەم پیاوە توانی لەو ماوەکەمەی ژیانیا پێشەواییەکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەی خۆی لەو ولاتەدا بگرێتە دەست. لەپایەی زانیاریو ئەدەبیو

## میر شەرەفخانی کوڕی میر شمس الدین بدلیسی ڕۆژکی

شـەرەفخان لـە ڕۆژی بیـستەمی زیلعقـدەی سـاڵی ٩٤٩ کۆچـی داو ١٥٤١ زایین لە شارۆچکەی (کرهرود) لە نزیك شاری (قوم) لە ماڵی قازییەکی قـومی (کەدەچنەوە سەر قازی شریحی کوفی) لە دایك بـووە دایکـی کـچی میرخـان بووە.

لە (٩) ساڵیدا دەگەڵ شازادان لە کۆشـکی شـاهی تۆماسـبی سـەفەوی بـۆ ماوەی سێ ساڵان خوێندوویە..... لە ١٢ ساڵیدا لەسەر داواکاری هۆزەکەیان کـراوە بـەمیر چـونکی بـاوکی گوشـەگیریی هەڵبـژاردووە...... ناردراوەتـە سەرسـالیان‌و مەحموود ئاباد لـەلای شیروانانەوە ..... پاش ماوەیەك چۆتە لای خاڵی کە مەحەمەد بەگی حاکمی هەمـەدان بـووە وە لـە هەمـەدان ژیـاوە وکچی خاڵی مارە کردووە. سێ ساڵیش لە هەمەدان ماوە.

لە هەرای سوڵتان بایەزیدا کە پەنای بەشـای ئێـران هێنـا بـاوکی کرایـەوە میرو گروهرودیان دایە.... دوای چەند ساڵێك دیسان باوك بۆ کوڕ دەسـتی لـە میرایـەتی بـەردا. شـەرەفخان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ هەمیـشە وەك یـاوەرو ڕاوێژکارێك لەگەڵ شادا بوو لێی جیـا نـەدەبوو.... بـە لەشـکر ناردیانـە سـەر ئەحمەدی خـانی (بیـە)وە بەسـەر وڵاتەکـەی ڕادەگەیشت. سـولتان هـاشمی حاکمی گەیلان بە ١٨هەزار سوارەوە هێرشی بـردە سـەر شـەرەفخان کـە لـە چوارسەدو پەنجا سوار پتری نەبو. لەشـکری گـەیلانی شکاندو سـێ منـارەی لەسـەریان بـەرزکردەوەو گـەیلانی گـرتو لـە پاشـان لەسـەر خواسـتی خـۆی هاتەوە قزوین.... دیسان لەسەر خواستی خۆی ناردویانەتـە وڵاتـی شـیروان‌و ناوچەکانی، تەرکاتو — ئەرش — و — ئاق داش — و — قەبالـەو — و بـاکۆ — و کەناراوی دراوەتێ کە خۆی‌و هۆزەکەی پێی بژین. لـە پـاش هەشـت مـانگ

# قاسم ئەمین و ئازادکردنی ئافرەت

ساڵێك لە ساڵان هەشتی ئازار هاتەوە..... سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیەی ئیشم تێدا دەکرد وتی:

هیچت بۆ هەشتی ئازار نەنووسیوە؟ ناتەوێ لە ڕۆژی ژنانی جیهاندا شتێك بنووسێت.

وتم: بەڵێ، ڕۆژی ژنان وادێت، دیارە لەناو ژنانی جیهاندا ژنانی عێراقیش جەژن دەگێڕن. ڕۆژنامەکەمان بە عەرەبی دەنووسرا، لەبەر ئەوە بۆ باسێك گەڕان کە بۆ خوێندەواری عەرەب بێتو لە باسی ژنان بە دەرنەبێتو لە جەمسەرێکەوە بە کوردیشەوە ببەسترێتەوە. دوو وێنەم هات بەبیردا، بە خامە دوو نەخشەم بۆ کێشان، باڵێرەدا نەخشەی وێنەی یەکەمیان بکەم بە کوردی.

دوو وێنەی موناسەبەت

(١)

**قاسم ئەمین......**

لە بیرەوەریی ئەودا دەچمە سەر چیرۆکی - تۆو خاكو با - ئەو چیرۆکەی بەرەو گەلێك کەسیتری راکێشام، گەلێك کەسی وا کە تاڵی بیرێکی وا کە بەم خاکەوە بەسترابێت پێکەوەی گرێداوین.... ئەو تاڵە تا دێت بە هێزتر دەبێتو پێچ دەخواتو پتەو دەبێتو منو ئەوان لە جوغزێکی وا گەورەدا کۆدەکاتەوە، کە هەموومان هەر سەربەوینو ئەو جوغزەش زۆر فراوانە......

ئەو پیاوە یەکێکە لەوانەی لە خاکی پاکی ئێمەدا لە دایك بووە، ڕەشەبایەکی تیژهاتووە... نازانم ڕەشەبای شەڕبوو، یا هەر هەوڵدانو ئاوارەییە کۆنەکەی ئادەمیزاد بووە بە دوای پاروو ناندا، یاشتێکیتر بووە؟

هەر چۆنێك بووبێت، هەر ڕەشەبایەکی باڵدار بووە، یا ئەو تۆوە خۆی باڵداربوو لە ناوجەرگەی شاری سلێمانیدا، بەسەر گەلێك لووتکەی بەرزدا فڕیوەو بەمەلەوانی بەسەر گەلێك دەریادا ڕۆیشتووەو ڕێگەی بڕیوەو گەیشتۆتە کەنار ڕووباری نیل، وەك پێشینان وتویانە:

(دەوەن ببێت بە دار، لەبنیدا بحەوێنەوە فەقیرو هەژار).

بەڵێ، درەختێك بوو، سێبەری زۆری زۆر دوور دەڕۆیشتو لەگەڵ جوغزی سێبەری تردا لە کۆڕی مەسەلەیەکدا یەکیان دەگرتەوە، کە بووە بەیەکێك لە مەسەلە هاوچەرخییەکانی جیهانی ئەمڕۆ.

ئازادکردنی ژنو قاسم ئەمین. دووسەر ناوون، دوو ناونیشانی بەیەکدا چووی یەك مەسەلەن. ئێمەش وەك گەلانی خەباتکاریتر، لە چیرۆکی شارستانیدا بەشمان بە هەردوو سەرناوو بەم دەستکەوتەوە هەیە. بەڵێ، هەموو هاوبەشین، بەڵام ئێمە هەتا هەتایە هەر لە کڵاو ڕۆژنەی شانازییەوە دەڕوانینە قاسم ئەمین. کەڵە پیاوی مەسەلەیەکەو شانازیی پێوە دەکەین. تۆوێکە بە دەم باوە فڕی، درەختێکی میسریی سێبەرداری وای لێڕوا کە بە ستایشەوە باسی یەکەم نیشتمانی بکرێت ... لەبەر ئەوە شانازیی پێوە دەکەین...... ئەم تۆوەی لە کوردستانەوە ڕۆیشت درکی لێ نەڕوا....

ئەمەی سەرەوەم بە عەرەبی نووسیبوو، دیارە ئەمە وێنەیەکی ئەدەبی بوو..... چەند دێڕێکی مێژوو بوو لێی زیاد کرابوو، خامە سێبەری خۆی پێ بەخشیبوو. بەڵام ئەو ڕاستییەی پەرتووکی مێژوو نووسیویانە ئەوەیە کە قاسم ئەمین خۆی ساڵی ١٨٦٥ لە تۆڕە (طرە) لە میسر لە دایك بووە. بەڵام

مەحەمەد ئەمین بەگی باوکی کە لە سوپادا ((میر ئالای))بوو، خەڵکی سلێمانییەو بەدەم فرمانەوە لە سلێمانییەوە گەیشتە میسر.

قاسم ئەمین لە ئەسکەندەرییە گەورەبوو و لەوێ دەستی کردووە بە خوێندن، پاشان هاتۆتە قاهیرەو (ئەزهەر)ی تەواوکردووە. زۆر لە پێشەوا شێخ مەحەمەد عەبدەو لە سەعد زەغلوولەوە نزیک بووە. پاشان چووە بۆ فەرەنسەو لە زانستگای مونبیلیە کۆلێجی حوقوقی تەواو کردووەو ساڵی ١٨٨٥م هاتۆتە میسر. لە دادگاکانی میسردا لە (حاکم)ییەوە دەستی پێکردووەو هەر لە دادگادا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز.

قاسم ئەمین لە پاڵ دیپلۆمی حوقوقدا، گەلێك بیری تازەی لە فەرەنسەوە هێنایەوە. هەر لەوێ بیری لە ژیانی ئافرەتی رۆژهەلات دەکردەوە. بە باوەڕو بڕیارەوە هاتەوەو ئالای ئازادکردنی ئافرەتی هەڵگرت. داوای دەکرد کە ئافرەتی میسری، یا عەرەبو موسڵمان هەموو عەباو پەچە فڕێدەن، بخوێنن، لە هەموو کاروبارێکدا هاوبەشی پیاوبن.

ساڵی ١٨٨٩ پەرتووکی ((ئازادکردنی ئافرەت))ی بڵاوکردەوە. ئەم بیرە تازەیە کۆنەپەرستانی وروژاند، کەوتنە هاوارو هەڵلاو بەرپەچ دانەوەی. قیژە قیژی کۆنەپەرستان ئەو پیاوە خاوەن بیروباوەری سارد نەکردەوە، نەیترساند، بەڵکو زیاتر پێی داگرتو ساڵی ١٩٠٦ وەڵامی هەموو ئەو کۆنە پەرستانەی بە پەرتووکی ((ئافرەتی تازە))دایەوە. ئەم بیرە پێشکەوتنخوازانەی بوو بە هۆی کۆمەڵە موناقەشەو لەسەر نووسنێکی زۆر. هەندێك بەرپەچیان دایەوەو هەندێك پشتیان دەگرت. زۆر نووسەری بەناوبانگی سەردەمی خۆی ڕاکێشایە کۆڕی مەسەلەی رۆژ گەیاندی بە پلەیەکی نوێ.

ئەگەر سەیری نووسینەکانی قاسم ئەمین بکەین دەبینین نووسەر پەنا دەباتە بەر بەڵگەو بە هێمنی پێسەلماندنو خۆی لە شێوەی خوتبەدانو پیشەسازیی نووسینو بچووك گەورە کردن بە دوور دەگرێت، ئەمە لەو دوو پەرتووکەیدا کە باسمان کردنو لەو کۆمەڵە نووسنەدا بە ناوی ((وشەکانی قاسم ئەمین بەگ))ەوە بڵاوکراونەتەوە دیارن. زۆر وتار لەسەر ژیانی ئەم کەڵە پیاوە نووسراون. دیارترینیان پەرتووکی ئەحمەد خاکییە کە ناوی ناوە ((قاسم ئەمین)).

ئێستاش لە جیهانی عەرەبدا کە ناوی ئازاد کردنی ئافرەت دێت، بێ پەروا ناوی قاسم ئەمین بە یەکەم ڕابەردێت. بەڵێ......

ڕابەری ئازادکردنی ئافرەتی عەرەبە، نووسەرێکی جوان نووسو پاك نووسو پێشکەوتنخوازی عەرەبە. بەڵام تۆ بڵێیت حەمەئەمین بەگی میر ئالآ کە بەداخی گەڕانەوەی نیشتمانەوە سەری ناوەتەوە، ئەوەی لە بیردا بووبێت، کە لە هەموو سەرچاوەکەیدا ناوی خۆی بە هۆی ئەو کوڕە بلیمەتەیەوە تۆمار دەکرێتو دەنووسرێت: نووسەرێکی گەورەی عەرەبەو لەڕەچەڵەك دا کوردە.

ئایا دەبێت زانیبیتی کە ڕۆژێك دێت ئێمەش شانازی بەو تۆوە باڵدارەوە دەکەین، کە لە خاکی میسردا سێبەری داوەو دڕکی لێ نەڕواوەو دەیکەین بە بەڵگەیەکی تری پێوەندیی پیرۆزی کوردو عەرەب؟

## «ئیبن سینا»

گەورەترین‌و بەناوبانگترین زاناو عالمی سەدەی پێنجەمی کۆچی (ئەبو عەلی سینا)یە کە یەکێکە لە زانا بێ هاوتاکانی جیهانی ئیسلام، ناوی (ئەبو عەلی کوڕی حسین کوڕی عبدالله)یە کە بە (ئیبن سینا) ناوی دەرکردووە، لە ساڵی (٣٧٥)ی کۆچی لە (ئەفشنە)ی بخارا لە دایك بووەو باوکی خەڵکی بەلخ بووەو یەکێك بووە لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی سامانی‌و لە دێی (خریثین) کە سەر بە بخارایا فەرمانبەر بووە. ئیبن سینا زۆر زیرەك‌و بلیمەت بووە، هەر لە منداڵییەوە لە خوێندن‌و زانست‌و هونەردا، لەریزی پێشەوە بووە، ئەدەب‌و حیکمەتی خوێندووەو ئینجا رووی کردۆتە پزیشکی‌و زۆری پێنەچووە کە بووە بە شارەزایەکی تەواو لە زانستی پزیشکی‌و حەڤدە ساڵی تەواونەکرد کە بوو بە پزیشکێکی ناودارو پەیوەندی لەگەڵ بارەگای سامانییەکاندا پەیدا کرد. ئەوە بوو دووای نەمانی سامانییەکان (بخارا)ی بەجێهێشت‌و رووی کردە (خوارزم)و چەند ساڵێك لەوێدا مایەوەو لە دواییدا چوو بۆ (گورگان) بۆ لای (قابوسی کوڕی وەشمگیر) بەڵام لەو کاتەدا (قابوس) کوژراو (ئەبو عەلی)نەی دی، لەبەر ئەوە لە (گورگانەوە) چوو بۆ (رەی)و (مجدالدولە)ی دەیلەمی تیمارکرد لەبەر ئەوە (مجد الدولە) زۆر نوازشی کرد، دووای ئەمە چوو بۆ هەمەدان‌و لەوێ لەگەڵ (شمس الدولە)ی کوڕی (فخر الدولە) کە حاکمی هەمەدان بوو دۆستایەتی گرت‌و هەمیشە لە گەڵیدا بوو تا بوو بە وەزیری، بەڵام لە زەمانی (شمس الدولە)ی کوڕی فخر الدولەدا خرایە زیندانەوە، دووای بەرەڵلابوونی چوو بۆ لای (علاءالدولەی کاکویە) کە حاکمی ئەصفەهان بوو، ئینجا دەستی کرد بە دانانی پەرتووك‌و نووسراو، تەنانەت چەند پەرتووکێکی بەناوی خۆیەوە دەرکرد تا لە ساڵی (٤٢٨)ی کۆچیدا کە لەگەڵ (علاءالدولە)دا چوو بۆ هەمەدان کۆچی دووایی کردو لەوێدا نێژرا.

هەروەکو وتمان (ئەبو عەلی) یەکێکە لە بلیمەتەکانی جیهانو ناوی لە لیستەی زاناو پزیشکو حەکیمو فەیلەسووفەکانی جیهاندا وەك ئەستێرەی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە (ئەبو عەلی) زۆر لە هاتووچۆو سەفەردا بووە، بەلام گەلێك پەرتووكو نووسراوی بەنرخی لەپاش بەجێماوە، لە پەرتووکە بە ناوبانگەکانی (ئەبو عەلی سینا) – شفا – یە لە حیکمەت، کەبریتییە لە باسی دەربارەی فەلسەفە، مەنتیق، ریازی، تەبیعیو ئیلاهی)و بە گرنگترین پەرتووك دادەنرێت لە فەلسەفەدا لەلایەن موسلمانانەوە نووسرابێت. هەروەها (نجات) کە لە حیکمەتە، بەلام لە پزیشکیدا پەرتووکی (قانون)ە کە بەگرینگترین پەرتووکی (پزیشکی) دادەنرێت لە جیهانی ئیسلامداو گەلێك لێکدانەوەو شەرحی لە سەرکراوە، تەنانەت یەکێك بووە لەو پەرتووکانەی کە قوتابخانە پزیشکییەکانی ئەوروپا وانەیان تێدا دەخوێند، هەروەها پەرتووکی (الاشارات والتنبیهات) لە حیکمەت..... ئەمانە هەمووی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، بەلام چەند پەرتووکێکی بە فارسی نووسیوە، وەکو (دانشنامەی علائی) کە بەناوی (علاء الدولە)ەوە نووسیویێتی. لە (مەنتیقو حیکمەتو تەبیعیو ئیلاهی) جگە لەمانەش – ئیبن سینا – چەشەی شاعیری بووە شیعریشی وتووە بە فارس عەرەبی، ئیبن سینا گەلێك شاگردو قوتابی بووە کە لە ژێر دەستیدا وانەیان خوێندووە، وەکو (عبید جوزجانی) لە سالی (٤٠٣)دا چۆتە لایو (ئەبو عەبدوللا مەحەمەدی کوڕی ئەحمەدی معصوم)و (ئەبو الحسن بهمنیار کوڕی مرزبان) کە خەڵقی ئازەربایجان بووە.... هەتا هەتایە ناوی (ئەبو عەلی سینا) لە لاپەڕەکانی مێژووی عیلمو هونەرو ئەدەبیاتدا سەرتۆپەو جێی شانازی میللەتانی جیهانی ئیسلامییە. و هەر ئیبن سیناو هاورێیانی ئەو بوون کە دەرگای کۆشکی زانستو عیلمییان خستە سەرپشتو بوونە هۆی ئەوەی کە شاگردانو

قوتابییانی تر لەناو میللەتانی موسڵماندا پەیڕەویان بکەنو بەردەوام بن لەسەر دانانو نووسینو وەرگێڕانو شەرحی گەلێك لە زانستەکان، چ دینیو و چ عیلمی، چ ئەدەبی، پەرتووکخانەی ئیسلامی بێبەش نەکەن لەو زانستو هونەرانە، تەنانەت ببێت بە سەرچاوەیەك بۆ زاناو عالمەکانی ئەورووپاو هەموو جیهان سوودی لێ وەربگرێت.

## لێکدانەوەی وشەکان:

ئەفشنە : دێیەکە سەر بە (بخارا) لە ناوچەی ماوراءالنهر.

بەلخ : شارێکە لە ئەفغانستان لەسەر سنووری ئەفغانو سۆڤیت.

سامانی : دەوڵەتی سامانی لە ناوچەی ما وراء النهر لە ساڵی ٢٧٩دامەزرا.

خوارزم : ناوچەیەکە لە ما وراء النهر.

گورگان : ناوچەیەکە لە ئێران.

## گفتوگۆ:

١- ئەبو عەلی سینا بە چی بەناوبانگە؟

٢- ئایا ئەبو عەلی سینا دەبێت بە زانایەکی جیهانی بناسرێت؟

٣- ناوی پەرتووکە گرنگەکانی ئەبو عەلی سینا بنووسە؟

# تاگور

ئەم سەرزەمینەی ئێمەی تێدا دەژین گەلێك ڕۆڵەی پاڵەوانو قارەمانو پیاو چاكو شاعیرو زاناو فەیلەسوفی پێگەیاندووە، كە هەموو وەكو ئەستێرەی گەشی پرشنگدار لە ئاسمانی زانستو هونەری مرۆڤایەتیدا دەدرەوشێنەوە، لەوانەكانی پێشوودا باسی چەند كەسێكمان لەوانە كرد چ لە نەوەی كورد و عەرەب و ئێرانی، وەیا ڕۆژهەلاتیی یا ڕۆژئاوایی، ئێستاش باسی زاناو شاعیرێكی بلیمەت دەكەین كە نموونەی مرۆڤایەتیو یەیكەری خۆشەویستیو كانی دڵسۆزیو پۆپەی زیرەكی بووە، ئەویش (رابندرانات تاگور)ی هیندییە.

هیندستان هەر وەكو چۆن كانی هەموو جۆرە بەروبوومێكی سروشتیی بووە، مەڵبەندی خۆشەویستیو ئیلهامی شیعرو مۆسیقاش بووە، سەرزەمینی (بودا) و (غاندی) و (نەهرۆ)، سەرزەمینی بە هاراتو پیتوفەرێك كە دەوڵەتە ئەوروپاییەكان خەویان پێوە دەدیو هەوڵو كۆششیان داگیركردنی بوو، بەڵام هندستان بە هۆی ڕۆڵە ڕۆشنبیرەكانیەوە زوو خۆیان لە دیلێتیو زۆرو ستەم رزگاركرد، لەوانەی كە كۆششی چاو لێی ناپۆشرێتو دەوری بالای هەبوو لە پێش خستنی رادەی ئەدەبیاتو خوێندەواریو شیعرو شاعیرێتی، (تاگور)ە.

(رابندرانات) حەوتەمین كوڕی (دڤندرانات) تاگورە كە لە ڕۆژی شەشی ئایاری ١٨٦١دا لە (كەلكەتا) لە دایك بووە. باوكی تاگور كابرایەكی خوێندەوارو، دەستدارێكی دەوڵەمەند بووە، تاگور تا چەند پلەیەك لە هندستان خوێندویەتیو لە دواییدا بە فەرمانی باوكی لەگەڵ برا گەورەكەیدا چووە بۆ (لەندەن) تاكو لە دانشگای حقووق (قانون) بخوێنێت. بەڵام تاگور

چونکه شێتو شەیدای شیعرو مۆسیقا بوو. ئەوەندە گوێی نەدایە ئەو خوێندنەو دەستی کرد بە خوێندنەوەو وانەکردنی شیعری شاعیرە هەرە بەرزەکانی ئینگلیز، وەك شکسبیر، ملتون ، پیرو ، شیلیو لە دواییدا چەند وتارێکی دەربارەی (گۆتەو دانتیو بترارکو، تاسو) لە گۆڤاری (بهارای) کە برا گەورەکەی دەری دەکرد بڵاوکردەوە، لەگەڵ چەند پارچەیەکی وەرگێڕاو لە شیلیو ڤیکتۆر هۆگۆ، بڵاوکردەوە لەگەڵ ئەمانەشدا خەریکی مۆسیقاو نەواو ئاواز بوو، کەمێك لاتینیشی خوێند، کە گەڕایەوە بۆ هیندستان دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، وەکو (گۆرانی ئێواریَ) ئەمانەی شتێکی تازە بوون لە شیعری (بەنگالی) هندستاندا لەبەر ئەوەی گۆڕانێکیدا بە شیعری بنغالی ناویان نا (شیلیی بەنگال)، چونکە لە ڕووی کێشو قافیەو بابەتو ناوەرۆكو روخسارەوە لە شیعری بەنگالیدا گەلێك شتی تازەی هێنایەکایەوە.

تاگور لە نمایشنامەدا دەستێکی باڵای بووە، لەوانە (تۆڵەی سروشت)ە. لە ساڵی ١٨٨٧دا دیوانێکی تازەی بڵاوکردەوە بە ناوی (هێڵو ڕووەکان) — خطوط ومسطحات — کە یەکەم قەسیدەی ناوی (ژیان)ەو تێدا دەڵێت:

نامەویَ بمرم لەم دنیا جووانە
دەمەویَ بژیم لەگەڵ خەڵکدا
لە ژێر تیشکی رۆژدا لەناو ئەم باغچە پڕ گوڵە،
ڕێم بدەن تا لەناو ئەو دڵە زیندووانەدا شوێنێك بدۆزمەوە،
لەسەر ئەم زەمینە سەردەکات.
پڕە لە جیابوونەوە، لەبەیەك گەیشتن لە گریان،
وازبێنە با خانوویەکی نەمر دروست بکەم،

لەتانو پۆی خۆشی خەڵكو ناخۆشیان،

ئەگەر نەمتووانی بهێڵە تا هەم لە ناویان شوێنێك پەیدا بكەم. ڕێم بدە بەیانیو ئێواریَ گوڵی گۆرانی نویَ بڕوێنم تا بیكەنەوە.

گوڵەكانم بەزەردەخەنەوە ببەن.

ئەگەر سیس بوو (هەڵوەری) حەیف فڕێی بدەن.

ئا بەم جۆرە تاگور لە ژیان گەیشتبوو، بەم جۆرە دڵی دەكردەوە بۆ هەموو مرۆڤێك، تاگور بە هۆی نەخۆشی دایكییەوەو مردنی بێبەش بوو لە خۆشەویستیو كۆشی دایك، لەبەر ئەوە ئەم بێبەشییە لە بەرهەمەكانیدا دیارە.

تاگور گەلێك وڵاتی دیوەو، لە زۆریاندا موحازەرەی وتووە، وەك ئینگلترە، یابان ، روسیا ، عێراق. لە رۆژی (١٧)ی ئابی ١٩٤١دا، تاگور دڵی گەورەی پڕ لە خۆشەویستیو سروشو ئازادیو شیعرو مۆسیقای بۆ هەتاهەتایە لە لاپەڕەی مێژوودا، جێگیرو پڕ بە پڕێتیو هەمیشە میللەتی هیندو وڵاتی هیندستان شانازی پێوە دەكەن، چونكە بەراستی رۆڵەیەكی دڵسۆزی وڵاتو میللەت بووەو بەپێی تواناو دەسەڵاتی كۆششی كردووە جێ دەستی لەگەڵ جێ دەستی هاوڕێ دڵسۆزەكانیتردا، لە رۆشنبیری هیندیدا بە تایبەتی لە ئەدەبیاتدا دیارەو سوود بەخشە.

## لێکدانەوەی وشەکان:

| | | |
|---|---|---|
| پاڵەوان | : | ئازا ، نەبەرد ، قارەمان |
| بلیمەت | : | زیرەك |
| مەڵبەند | : | شوێن (مرکز) |
| بەهارات | : | داودەرمانی چێشت و خواردەمەنی |
| فەرمان | : | ئەمر |
| کێش | : | وەزن |
| نمایشنامە | : | (مسرحیە) |
| موحازەرە | : | (محاضرە) |

## گفتوگۆ:

١- تاگور کەی و لە کوێ لە دایك بووە؟

٢- ئایا دووری تاگور لە دایکییەوە کاری کردە سەرشیعرەکانی؟

٣- تاگور دەوری چی بوو لە ئەدەبیاتی بەنگالیدا، بەتایبەتی لە شیعردا؟

٤- ئەو چەند دێرەی کە لە شیعری تاگورەوە وەرگێڕاوە، بە ئینشای خۆت بینووسەو وەکو شیعری لێ بکە.

وەزیفەی زۆر گەورەیە  دەزانی ئەوەیش چییە؟
منداڵ بوونو تەربیە  بێ مەسخەرەو جوێن پێدان

تەماشا دەکەین مەلا مەحەمەدی کۆیە چ بە کردەوە چ بە وتن بوو بەو کەسەی کە بە پەنجە لە بارەی داواکردنی سەربەستیی ئافرەتەوە بە جۆرێک هێمای بۆ بکرێت کە لە پاش خۆی ئەو کردەوەو ئامۆژگارییەی بوو بە جێگای پەیڕەوی کردن......

## گفتوگۆ:

١- مەلا مەحەمەدی کۆیە بەچی بەناوبانگە؟
٢- دەربارەی سەربەستیی ئافرەت، بە درێژی باسی دەوری مەلا مەحەمەد باس بکە؟
٣- دەربارەی ژیانی مەلا مەحەمەدی کۆیی بدوێ.

# شێخ مەحەمەد عەبدە

## ١٨٤٩- ١٩٠٥

وڵاتە خۆشەویستەکەمان جێنزرگەی پیاو چاکان‌و زانایان‌و پاڵەوانان‌و قارەمانانەو گەلێك رۆڵەی زرنگو بەهۆش‌و پڕعیلم‌و زانستی پەروەردە کردووە، و بە هۆی ئەوەی کە زاناکانمان بە دوای عیلم‌و خوێندندا وڵاتیان بەجێ هێشتووەو لە ناو وڵاتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەواتا لەناو وڵاتە موسڵمانەکاندا بڵاوبوونەتەوە، گەلێك زاناو بلیمەتمان هەیە کە لە دەرەوەی وڵات لە دایك بوون‌و، بەڵام پەیوەندیی ئایینی ئیسلامی پیرۆزو گیانی برایەتی‌و خۆشەویستی وای لێ کردوون کە خۆیان بە بێگانە نەزانن‌و هەوڵ‌و کۆششیان بریتی بێ لە خزمەتی عیلم‌و زانست‌و رێی راست پیشاندان بۆ هەموو هاووڵاتیان‌و هاوبیرو باوەڕیان.

شێخ مەحەمەدی عەبدە یەکێکە لەوانە کە تاهەتایە وەك ئەستێرەی پرشنگدار لە ئاسمانی مرۆڤایەتی‌و ئیسلامیدا دەدرەوشێتەوە. شێخ محەمەد عەبدە کوڕی شێخ حەسەن خێروڵڵای کوردییە، باوکی هەر بە ناوبانگی کوردییەوە ناوی دەرکردبوو، مەحەمەد عەبدە لە گوندی (شترا) لە وڵاتی میسر هاتۆتە دونیاوە، لە پاش خوێندنی قورئان‌و سەرەتای زانیاریی عەرەبی، چۆتە (طنطا) پاشان بۆ (جامعەی ئەزهەر) لە قاهیرە، ئیجازەی زانایی لە ئەزهەر وەرگرتووە، پاش وەرگرتنی دبلۆمی عیلمی لە دام‌و دەسگای دەوڵەتدا کاری کردووە. بەهۆی ئەو بیروباوەڕە تازەو پێشکەوتووییەوە، کە هەیبووە دوور خراوەتەوە بۆ گەلێك شوێن. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە لەمەشخەڵ هەڵگرەکانی شۆرشی (عرابی پاشا) بووە، ئیتر لە میسر جێی نەبۆتەوەو، چووە بۆ سوریا، لە سەرداواکردنی مامۆستا خۆشەویستەکەی (جمال الدین ئەفغانی) چووە بۆ پاریس‌و لەوێ پێکەوە

ڕۆژنامەی (عروة الوثقى) یان دەرکردووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (بێروت)و ئینجا بۆ میسر. لە گەلێك پایەی دەوڵەتیدا کاری کردووە، تا لە دوواییدا کراوە بە (مفتی دیاری میسر)ی‌و لەم وەزیفەیەدا ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٠٥ لە ئەسکەندەرییە بە نەخۆشیی سەرەتانی دڵ کۆچی دوایی کردووەو لە قاهیرە نێژراوە.

شێخ مەحەمەد عەبدە یەکێکە لە پیاوە عیلمیە هەرە بەرزەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە عالەمی دەرەوەدا. بیروباوەڕو زانیارییەکەی لە هەموو لایەکەوە بە پەنجە ئیشارەی بۆ دەکرا. کە (جمال الدین) ئەفغانی شوێن هەواری گواستەوە بۆ میسر، شێخ مەحەمەد عەبدە بوو بە قوتابییەکی دڵسۆزی ئەو، و ئەویش بوو بە مامۆستایەکی جگەر سۆزەی ئەم لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو وانە وەرگرتنەی لەو مامۆستا بەرزەی کردیە کارێك کە ئاسۆی بیروباوەڕی ئەوەندەی تر فراوان بێتەوەو ڕوون بێتەوە، لە ماوەی ژیانیدا داواکاری ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بووە لە عالەمی ئیسلامیدا، دوو باوەڕی بەرز لەمێشکی (شێخ مەحەمەد عەبدە)دا چەسپی بوو، یەکێك پێویستی بەینی حکوومەت‌و گەل. کە حکوومەت دەبێت دادو عەدل بەرامبەر بە گەل بنوێنێت‌و گەلیش دەبێت فەرمانبەرداری ئەو حکوومەتە بکات، جگە لەمانەش لەگەڵ هاوڕێکەیدا قاسم ئەمینی کورد یەکێك بوو لە داواکەرانی ئازادی بۆ ئافرەت. ئەم بیروباوەڕەانەی بوو کە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی میسرو سوریاو پاریس باوەشیان بۆ دەگرتەوە، هەر ئەم بیروباوەڕانەی بوو کە جێگای پێ لەق دەکرد لە وڵاتی میسردا.

شێخ مەحەمەد عەبدە بێجگە لەو وتارانەی کە لە بارەی ئیسلامەوە لە ڕۆژنامەکاندا بەتایبەتی لە (الوقائع المصریە) و (عروة الوثقى)دا بڵاوی دەکردەوە ئەم بەرهەمانەی تریشی لە ماوەی ئەو تەمەنە کەمەدا لە شوێن خۆی بەجێ هێشتووە:

# خەملی پەمۆو تکای شێخ

«حەسەن قزڵجی»

هاوینی ساڵی ١٩٥٦بوو، زەوی خوا دەزانێ بۆ جاری چەندەم لە رۆژ نێزیك دەبووەوە، تیشكو تینی زیاتری لە خۆر وەردەگرت. خانەقا چۆڵوهۆڵ بوو، وەرزێرەكان وەكوو هەموو هاوینێكی دیكە بەئیشوكاری كشتوكاڵەوە سەریان قاڵ بوو، نەیان دەپەرژا سەری ماڵی شێخ بدەن. ئەگەر دەرفەتیشیان بووایە لەبەر ئەوە كە نوخشە دەرنەهاتبوو، لە روویان نەدەهات بە دەستی خاڵیو بەتاڵ بێنە زیارەت. پەردەی كشومات بەسەر خانەقاو ماڵی شێخدا كشابوو، لەشەو و رۆژدا تەنیا پێنج جار دەنگی سۆفی قادری هەورامی گۆمی بێ دەنگیی نەختێ دەشڵەقاند. لە جیاتیی ((خەتمو تەهلیله))ی سۆفی و زكرو دەفی دەروێش، مێشوولەكان — كە لە برسانا ئاڵوزابوون — تێك دەهاڵانو ویزە ویزیان بوو.

شێخ پێش نیوەڕۆو تا نزیك بانگدان یا لە حەوشەی خانەقا پیاسەی دەكرد، یا لەسەر كورسییەكەی كە لە هەیوانی خانەقا بە تایبەتی بۆ ئەو دانرابوو، دادەنیشتو دەنكی تەزبێحەكەی دەگێڕا. وادیاربوو بیری لە داهاتی پایزی پار دەكردەوە كە چەند بوو، وئەمساڵ چەند دەبێت.

مەلا جەلال، كە ئەگەر نوێژ كالآبووایە دەكرا بڵێین كرێكاری دینیی بوو، مانگی بە پێنج دینار بۆ پێش نوێژی بەكرێ گیرابوو، وەكوو كرێكاری دەستەمۆ كە چاوی لە دەمی خاوەن كار بێتو وریای وەختو كاتی كارەكە بێت گوێی لەوەنەبوو كەس هەیە لە پشتییەوە نوێژ بكات یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەكە دەست بەجێ دەخزا ((میحراب))ەكە. سۆفی قادریش كە نوێژ بەشێكی گرنگ بوو لە دەستمایەی، یان باشتر بڵێین ((دەممایە))ی ژیانی، لە پشتیەوە دەوێستا. میرزا عەلیش كە كرێوە پێچ بوو دەبووە سێیەمیان. بەڵام شێخ یا وەڕزبوو، یا بە پێویستی نەدەزانی، یا بەشێكم لە ماڵەوە نوێژی دەكرد، لەو وەختەدا نەهاتە خانەقا.

راوێژی دەمی گۆڕا. وتی ئەمانە پیاوی دنیان. هەر لەسەر تەماعی خۆیانن، بیریان بەلای قەبرو قیامەتەوە نییە، تکای ئێمە ناگرن. بچۆ بزانە بەشکم لەگەڵ وەکیلەکەیدا ڕێك کەوی.

سۆفی نامیق: قورروان ڕێکەوتنی چی؟ کاورا بێژی بەرازە. گشت پەمگەکەی گەرەکە.

شێخ: سا بێژین چی؟ زەمانە خراپ بووە. زوڵمەت دنیای داگرتووە. خوا رەحم بە ئیمانەکەمان بکا.

سۆفی نامیق: ببم وە قورروانەکەت. خاس ئەفەرمووی ئاخر زەمانە. ئەمە پێنج مانگی ڕەبەقە بەخۆمو مناڵە کانمۆ رەنج ئەدەین، ئێسە ئەویش گشت پەمگەکەی گەرەکە. ئەی خوا هەڵینەگری.

شێخ: بێژین چی سۆفی نامیق قەزاو قەدەری خوایە.

سۆفی نامیق: یا شێخ ئەمە ئەفەرمووی چی؟ ئێسە من گشت پەمگەکەی بدەمێ، ئەمە چییە خەمڵی کردگە؟

شێخ: عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپە. خوا خراپتر نەدا.

سۆفی نامیق: یا شێخ کەواسە بێژە (تۆفەرموو، ئێمە میاو!).

مەلا جەلال ویستی سۆفی نامیق تێ بگەیەنێت لە ڕووی شێخدا قسەی وا نەکا، وتی سۆفی نامیق ئەمە مانای چی؟ سۆفی نامیق لەبەر پەرۆشی پەژارەی خۆی تێنەگەیشت، مەلا جەلال مەبەستی چییە. وتی:

مامۆستا، زوو فرە زوو، هەرزەکار بووم، ئەوسا گەرمیان و کوێسانمان ئەکرد. هاوینان ئەرۆیشتینە سەر شیو سەقز. کاورایێ سەقزی بوو ناوی لالۆ هەواس بوو، ئاشنامان بوو، مامەڵەمان لە تەکیا ئەکرد. ڕۆژێ هاتە وارگەکەمانو ڕۆنو خوریی لێمان سەند، سۆزی ڕۆنو خورییەکەم بۆ بردە سەقزو میوانی بووم. شەو خێزانەکەی سینیی بۆ هاوردین. گۆشتاوی لێنابوو. نانمان تێوڵی. کتکی بۆر پەیابوو، دەستی کرد بە میاوە میاو. خاوەن ماڵەکە تیکەیەکی بۆ هاویشت، گورج قۆستیەوەو دیسان دەستی

رووداوه مێژووییەكانی قەلای دمدم رۆمانێكی نووسیوەتەوه. ئەم رۆمانە ساڵی ١٩٦٦ بە زمانی كوردیو تیپی روسی (سلاڤی) لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستانی سۆڤیەت بڵاوكراوەتەوه. لە پاشاندا تەرجەمەی زمانی روسی كراو ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسكۆ بڵاوكرایەوه.

عەرەب شەمۆ لە رۆمانەكەیدا هەوڵی ئەوەی داوه پێوەندی دۆستایەتی كوردو نەتەوه هاوسێكانی روون بكاتەوه، بەتایبەتی خەباتی ئەم میللەتانە لە دژی داگیركەرە ئێرانیو عوسمانی یەكان. هەروەها وێنەی نایابی ژیانی كۆمەلایەتیو ئابووری كوردستانی كێشاوه لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا.

رووداوەكانی جەنگی قەلای دمدم سەرچاوەییێكی بەكەڵكە بۆ دروست كردنی گەلێ بابەتی نووسینو هونەر، وەكو چیرۆكو پیەسی پەخشانیو شیعری، هەروەها كەرەستەییێكی بێ هاوتای شانۆو سینەمایە، بەلام لەبەر دەست كورتی نەتەوەكەمان تا ئێستا هەلێكی وامان بۆ هەڵنەكەوتووه كە ئەم ئامانجە بهێنێنەدی. دەبێت ئەوەش بڵێین كە ساڵی ١٩٣٨ تیپی تەمسیلی ئاشوورییەكانی سوریا بە زمانی عەرەبی قەلای دمدمیان خستبووە سەر شانۆییێكی گەرۆكو لە هەندێ لە شارەكانی سوریا پێشكەشیان كردبوو.

ئەفلاتونی فەیلەسوف، فەلسەفەکەی خۆی لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا دارشتووە بەم پەرتووکەش ئەوتریّ (( کۆماری ئەفلاتون))و بریتییە لە دە پەرتووکو کراوە بە پێنج بەشەوە: بەشی یەکەم، پەرتووکی یەکەمەو پێشەکی باسەکەیەتی‌و بەشی دووەم بریتییە لە پەرتووکی دووەمو سێیەم چوارەم بریتین لە روکنەکانی دەوڵەتێکی میثالی. بەشی سێهەمیش بریتییە لە پەرتووکی پێنجەمو شەشەم و حەوتەم، بەلام بەشی چوارەم کە بریتییە لە پەرتووکی هەشتەمو نۆهەم باسی لە ناوچوونی ئەو دەوڵەتە میثالییە ئەکات، بەشی پێنجەمیش کە پەرتووکی دەهەمە، لەسەر نەمری نەفسی ئینسانو دەربارەی رۆژی قیامەت ئەدویّ.

ئەفلاتون ئەڵی: (( دادپەروەری باشترە لە دەس درێژی‌و شەڕ فرۆشتن. چاکترین نموونەی دەوڵەتی ئەفلاتوون، ئەو دەوڵەتەیە کە چینێکی ئۆرستکراتی لە رۆشنبیرو فەیلەسوفی وەك خۆی دەستەلاتی تیا وەربگرن‌و هەریەکە بە گوێرەی پلەی زانایی خۆی هەڵبژێررێت، ئەمانە پێویستە بۆ ئامانجەکانی دەوڵەتو پاراستنی راستی‌و چون یەکی، لەسەر بناغەیەکی هاوبەشی تیّ بکۆشن.

دوای ئەمان چینی لەشکرەکە ئەرکی پارێزگاری ئەمن‌و ئاسایشی ولات ئەکەن‌و ئینجا چینی پیشەسازو کرێکارانە کە بەروبوومی ولات بەرهەم دێنن، بەم جۆرە، دەوڵەتی ئەفلاتون بە کوێرەی (پیشە) بەش کراوە.

وادیارە ئەم بەش بەش کردنەش، بە گوێرەی بەشەکانی لەشی ئادەمیزاد کە بەگوێرەی رای ئەفلاتون کراوە بەسیّ بەشەوە" بەشی هۆش (عقل)و بەشی خرۆش (حماس)و بەشی ئارەزوو (الشهوة)، لەمانە پێك هاتووە.

باشترین چاکەی ئادەمیزاد، سێ جۆرە دەستە پیاوان ئەنوێنن.

بەم جۆرە فەرمان ڕەوای دەوڵەت کە فەیلەسوفو بە هۆشە جێگای بەشی هۆش ئەگرێتەوە لە نەفسی ئادەمیزاداو، سەربازیش کە پیاوی خاوەن خرۆشە جێگای بەشی خرۆشی نەفسی ئادەمیزاد ئەگرێتەوە لە پەیکەری دەوڵەتا، هەروەهاش پیاوی پیشەساز کە نوێنەری بەشی ئارەزوو جێگای بەشی ئارەزووی نەفسی ئادەمیزاد ئەگرێتەوە لە لەشی دەوڵەتا.

ڕاستیو دادپەروەری لە دەوڵەتا بەجۆرێ پێك دێت کە هەرکەسە ئەو ئیشە هەڵسوورێنێ کە لەگەڵ سوروشتو ڕەوشتیا بگونجێ. فەرمان ڕەوا فەرمان ئەداو جڵەوکێشی دەوڵەتەو سەرباز پارێزگاری دەوڵەت ئەکاتو زەحمەتکێشو پیشەسازیش بەروبوومی وڵات بەرهەم دێنن، واتە دادپەروەری نەفسی ئادەمیزاد ئەوەیە کە هەر بەشەی کاری تایبەتی خۆی هەڵئەسوورێنێ.

هۆش جڵەوکێشی ئارەزوو ئەکات، هەستیش پاڵ بە هۆشەوە ئەنێ کە پاڵپشتی هەستەپاکەکان بکات، وەك تووڕەیی بەرامبەر بە ئیشی نزمو کەم نرخو ڕووزەردی لە درۆ. دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەنانەت بریتی یە لە ڕواڵەتێکی دەرەوەی فراوانتری دادپەروەری دڵو دەروونی ئادەمیزاد.

# سەرچاوەکان (المصادر)


١- دیوانی شاعیرە کوردەکان.

٢- گۆڤاری گەلاوێژ، رۆژی نوێ، هیوا، نووسەری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، گۆڤاری (المعلم الجدید)، ئەوانیتر.....

٣- نووسینەکانی سوجادی، خاڵ، شاکر فتاح، گۆران.

٤- کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلەکانی قوتابخانە ناوەندیو ئامادەییەکان.

٥- مختصری صرف نحوی سعید صدقی.

٦- دەستووری زمانی کوردی تۆفیق وەهبی.

٧- رێزمانەکانی نوری عەلی ئەمین.

٨- زاراوەکانی کۆڕی زانیاری.

٩- الواقعیه فی الادب الکردی لمؤلفه الدکتور عزالدین مصطفی رسول.

١٠- دوکتور مارف خەزنەدار سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی (بەڕووسی).

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | قۆناغی یەکەم سالی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٠٩ |
| ٢٤ | قۆناغی دووەم سالی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٢٠ |
| ٢٥ | قۆناغی سێیەم سالی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٢٥ |
| ٢٦ | تایبەتمەندی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا | ١٢٦ |
| ٢٧ | روخسارو تەکنیکی شیعری کوردی لەنێوان سالآنی(١٩٧٠- ١٩٧٥)ز | ١٢٩ |
| ٢٨ | شیعری کوردی لەنێوان سالآنی (١٩٧٥-١٩٩١) ز | ١٣٢ |
| ٢٩ | رەخنەی ئەدەبی | ١٤١ |
| ٣٠ | مێژووی رەخنەی جیهانی | ١٤٢ |
| ٣١ | رەخنەی رۆژئاوایی | ١٤٢ |
| ٣٢ | رەخنەی رۆژهەلآتی (عەرەبی ئیسلامی) | ١٤٥ |
| ٣٣ | رەخنەی ئەدەبی کوردی | ١٤٧ |
| ٣٤ | رەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان | ١٥٢ |
| ٣٥ | پەخشان | ١٥٩ |
| ٣٦ | وتار | ١٥٩ |
| ٣٧ | قۆناغی یەکەم سالآنی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٦٠ |
| ٣٨ | قۆناغی دووەم سالآنی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٦٢ |
| ٣٩ | قۆناغی سێیەم سالآنی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٦٤ |
| ٤٠ | چیرۆکی کوردی لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە | ١٦٨ |
| ٤١ | چیرۆکی هونەری کوردی لە سالی (١٩٣٩-١٩٥٨)ز | ١٦٩ |
| ٤٢ | چیرۆکی هونەری کوردی لە سالی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز | ١٧٤ |
| ٤٣ | چیرۆکی هونەری کوردی لە سالی (١٩٧٠-١٩٩١)ز | ١٧٦ |
| ٤٤ | رۆمان لە ئەدەبی کوردیدا | ١٨١ |
| ٤٥ | بابا تاهیری هەمەدان(٩٣٧-١٠١٠)ز | ١٨٨ |
| ٤٦ | مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢)ز | ١٩٠ |
| ٤٧ | پرتەوی هەکاری (١٧٥٦-١٨٥٢)ز | ١٩٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | حەمدی (١٨٧٨-١٩٣٦)ز | ١٩٥ |
| ٤٩ | **بەشی رەوانبێژی** | ١٩٧ |
| ٥٠ | رەوانبێژی | ١٩٩ |
| ٥١ | لێکچواندن | ١٩٩ |
| ٥٢ | خواستن | ٢٠٥ |
| ٥٣ | رەگەزدۆزی | ٢٠٩ |
| ٥٤ | دژیەک | ٢١٤ |
| ٥٥ | جوانی بایس | ٢١٧ |
| ٥٦ | تێهەڵکێش | ٢١٩ |
| ٥٧ | سەرچاوەکان | ٢٢٢ |
| ٥٨ | **بەشی خوێندنەوە** | ٢٢٤ |
| ٥٩ | شێخ سەعیدی پیران | ٢٢٦ |
| ٦٠ | میر شەرەفخانی بەتلیسی | ٢٢٨ |
| ٦١ | قاسم ئەمین و ئازادکردنی ئافرەت | ٢٣٠ |
| ٦٢ | ئیبن سینا | ٢٣٥ |
| ٦٣ | تاگوور | ٢٣٨ |
| ٦٤ | مەلا محەمەدی کۆیە | ٢٤٢ |
| ٦٥ | شێخ محەمەد عەبدە | ٢٤٥ |
| ٦٦ | خەملی پەمۆو تکای شێخ | ٢٤٨ |
| ٦٧ | قەڵای دمدم | ٢٥٦ |
| ٦٨ | کۆماری ئەفلاتوون | ٢٥٩ |
| ٦٩ | سەرچاوەکان | ٢٦١ |
| ٧٠ | ناوەرۆک | ٢٦٢ |

